# مەزنە مرۆڤان نامرن

هەڵسوکەوت وکردەوەی مرۆڤ لەسروشتدا مێژوو دەخولقێنێ. بەڵام هەندێک مەزنە مرۆڤ خۆیان دەبنە مێژوو. دەبنە خوێندگە بۆ فێربون و فێرکردن. ئەم مەزنە مرۆڤانە وەک ئەڵماس وان لەدڵی کانی بەردەڕەشی ڕێژیدا.

قازی محەمەد یەکێکە لەومرۆڤانە کە لە مێژووی لە مێژینەی نەتەوەی کوردا هەڵکەوتووە. ژیان وتێکۆشانی ئەومرۆڤە مەزنە، خەباتی لە پێناو داوای ڕەوای نەتەوەی کوردی ماف پێشێل کراویدا بۆ وەدەست هێنانی مافی ڕەوای خۆی ودیاری کردنی چارە نووسی بەدەستی خۆی.ئەمەی سەلماندووە

دیارە کە لە بارەی (قازی محەمە د)وە زۆرکەس لەڕوانگەی خۆیانەوە لێکۆلینەوەیان کردووە وڕاوبۆچونی خۆیان دەربڕیوە. مێژوونوسانی خۆماڵی ولاوەکیش زۆریان دەربارە ی قازی و کۆماری کوردستان نووسیوە

رای منیش ئوەیە کە شەهید بوونی قازی وەک شەهید بوونی (سۆکرات) فیلەسۆفی مێژووی یونانی دێرین، وبە خاچ دا هەڵواسینی پەیامبەری بەناوبانگ (عیسای مەسیح) وایە. ئەم سێ مرۆڤە هەڵکەوتووەخاڵی هاوبەشیان ئەوەیە کە کۆڵنەدەربوون، لەسەرداوی ڕەوا وپەیمان وبەڵێنی خۆیان بازگەش نەبوونەوە. سووردەیان زانی کە دژمنی زاڵم دەیان کوژێ، بەڵام لە گەڵ ویژدانی خۆیان وگەلەکەیان ڕاستگۆبوون. دەیان توانی لە دادگە دا پاکانە بکەن، لە بیروباوەڕی خۆیان بازگەش بنەوە، حاشا لەکردەوەی خۆیان بکەن، یان تکا وڕجا بکەن کە ببیان بەخشن، بەڵام زۆربوێرانە لە پێناوی ئازادی و سەربەرزیدا گیانیان سپارد. چونکە هە رێەک لەم کەسایەتییانە دژی هەمووجۆرێک زوڵم وچەوسانەوە بوون. ناهەقیان قەبوڵ نەدە کرد. دژی هێزی دەسەڵاتی زۆرداری سەردەم بوون. کۆڵیان نەدا، وسەریان بۆ زۆردار نە وی نەکرد.

شێوەی دادگایی کردنی ئەو سێ کسایەتییە، خاڵی هاوبەشی هەرسێکیانە. بێ گومان دەیان توانی داوای لێبووردن بکەن، وگیانی خۆیان لە مەرگ ڕزگاربکەن. بەڵام هەرسێ باوە ڕیان بەو بووکە ئەگەرئەوکارەبکەن، بەڵێن شکێنیان کردووە. شانیان لە ژێرباری ئەو ئە رکەی کە پێیان ئەسپێردرابوولابردووە. ئەگەرئەوبەرپرسایەتی وئەمانەتیە بە ئەنجام نەگە ینین خەیانەتیان بە مرۆڤایەتی وگەلی خۆیان کردووە. جا، بۆئەوەی بەڵێنی خۆیان بەرنە سە ر، و وەفاداربمێننەوە، گیانی خۆیان نایە سەردەست وپێشکەشیان کرد بە گەل ونەتەوەی خۆیان. (سۆکرات) جامی ژاری نۆشی. (مەسیح) بەداری خاچ دا هەڵواسرا، و (قازی) ش ملی بە پەتی سێدارە ئەسپارد.

ڕەحمان سۆفی - سوئێد

٢ ئاپریل ٢٠٠٧